# گورگە و لە پێستی مەڕدا خۆی شاردۆتەوە

**بەکــــر شــــــــــوانی**

ڕژێمی بەغداد لە ساڵەکانی ڕەشی دەسەڵاتداریی بەسەر کوردستاندا، هەر تەنها بە وێرانکردنی کوردستان و لەناوبردنی جەستەیی خەڵکی کوردەوە نەدەوەستا، بەڵکو هەمان کات توانایەکی دارایی زۆری خستبووە بەردەستی هەندێک قەڵەمی لەرزۆکی کوردی و برێک قەڵەمی تری عەرەبی وابەستە بە ڕژێم بۆ شێواندنی کلتوری کوردی و بەدناوکردنی بزتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. کاری ئەمانە نیشاندانی وێنەیەکی ناشیرین لە کورد بوو بەرای گشتی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان و عێراق. ئێستا هەندێک لەمانە، لێرە و لەوێ لە وڵاتانی هەندەران سەر قوت دەکەنەوە و دەم لە نیشتیمانپەروەریی دەدەن و، لە بازاڕی سیاسەتیشدا خۆیان وەکو نەیاری ڕژێم نیشان دەدەن. ئەمەش بەو مەرامەی کە لە دوای ڕووخانی ڕژێم دەستیان لە پلە و پایەیەک گیر بێت تا بتوانن لەو ڕێیەوە تاوانەکانیان پەردەپۆش بکەن و لەبیری خەڵکی بەرنەوە.

ئەوەی پاڵی پێوەنام ئەم بابەتە بوروژێنم، خوێندنەوەی هەواڵێک بوو لە لاپەرە 8-ی ژمارەی 306 ی ڕۆژنامەی المؤتمردا سەبارەت بە دەرچوونی ڕۆمانی هەشتەمی بەناو ڕۆماننوسی عێراقی (**جاسم الرصيف**). ئەم جەنابی الرصيف- ە لە نیوەی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە سەربازگای کەناروێ-ی نزیک لە شاری سلێمانی، لە ڕیزەکانی سوپای خوێنرێژی عێراقدا، نایب زابتی استخبارات دەبێت. ئەو لەو ماوەیەدا بەردەوام پەیوەندی بە خەڵکی ناوچەکەوە دەکات و لەمەڕ دابونەریتی کوردەواری پرسیاریان لێدەکات. ئەوانیش لە دڵسافی خۆیانەوە پێشوازی لێ دەکەن و وەڵامی پرسیارەکانی دەدەنەوە. دواتر الرصيف لە ساڵی 1983 دا ڕۆمانی (**الفصل الثالث**) لە دوو بەشدا بە چاپ دەگەیەنێت و هەر لەو ساڵەدا خەڵاتی باشترین ڕۆمانی قادسیەی سەدام وەردەگرێت. من بەش بەحاڵی خۆم پێشتر ئەم ناوەم نەبیستووە و بەرهەمەکانیشیم نەخوێندۆتەوە، بەڵام هاوڕێی شاعیر و نوسەر کاک عەبدول قادر سەعید سەرچناری بە منی ڕاگەیاند کە سەرتاسەری ئەم ڕۆمانەی الرصيف سوکایەتیکردنە بە شۆڕشی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان. بەڕای من تاوانی ئەم کابرایە هیچی لە تاوانەکانی خەزرەجی و سامەرائی کەمتر نیە کە ئێستا داوای دادگایی کردنیان دەکرێت. ئەم کابرایە وەکو ئەندامێکی سوپای داپڵۆسێنەری عێراق و لە هەستی نەتەوەپەرستی و خۆبەزلزانیەوە و بۆ ڕازی کردنی سەرگەورەکانی خۆی، هاتووە جیهانی پاک و بێگەردی ئەدەب و وێژەی کردووە بە مەیدانێک بۆ سوکایەتی کردن بە نەتەوەیەک. ئەگەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە پێی یاسای نێودەوڵەتی وەکو هەوڵێک بۆ لەناوبردنی بە کۆمەڵی گەلێک لە قەڵەم بدرێت، ئەوا دەکرێت ڕۆمانەکەی الرصيف-یش بخرێتە خانەی تاوانی سوکایەتیکردن بە گەلێک کە ئەمەش لە وڵاتانی پێشکەوتودا لەگەڵ سزایەکی قورسدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

ئێستا بە پلەی یەکەم ئەرکی سەرشانی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە کە لە دادگاکانی کوردستان داوای دادگایی کردنی الرسيف و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانە بکەنەوە کە ئەم بەناو نوسەرە بە کەسایەتی ئەوانی گەیاندووە. ڕەنگە بگوترێ کە ئێستا دەستی دادگاکانی کوردستان ناگاتە ناوبراو. ڕاستە، بەڵام خۆ دەکرێت ڕێی پێ نەدرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بە خاکی کوردستاندا گوزەر بکات، مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە لە ڕابردووی خۆی پەشیمان بێتەوە و بە ڕەسمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.